سەدان قوربانی بەهۆی بەرزبوونی پلەکانی گەرما لە کۆریای باشوور تۆمارکراون

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی یونهاپ، بەپێی داتاکانی ئاژانسی کۆنترۆڵکردن و پێشگیریکردن لە نەخۆشیەکان، کۆریای باشوور لەم هاوینە 11 حاڵەتی مردن بەهۆی گەرماوە تۆمار کردووە.

بەگوێرەی داتاکان، پێنج لەو حاڵەتانەی گیانیان لەدەستداوە تەنها لەم کۆتایی هەفتەیدا ڕوویانداوە و جووتیاران بەهۆی ماندووبوونەوە لەکاتی کارکردنیان لە کێڵگەکاندا گیانیان لەدەستداوە، لەکاتێکدا لە ڕۆژی دووشەممەوە 386 کەس نەخۆش بەهۆی بەرزی پلەی گەرما لە بەشی فریاکەوتنەکانی کۆریای باشوور تۆمارکراون.

ئەوەش لەکاتێکدایە، لە هەفتەی ڕابردووەوە بەشێکی زۆری کۆریای باشوور شێپەلی گەرما بەخۆوە بینیوە و پلەی گەرما لە ڕۆژدا 35 پلەی سیلیزی تێپەڕاندووە و لە هەندێک ناوچەش دەگاتە 40 پلەی سیلیزی و بەوبڕایەتی کەشناسی کۆریا پێشبینی دەکات شێپەلی گەرما 10 ڕۆژی تر بەردەوام بێت.

شایەنی باسە، شێپەلی گەرما دوای کۆتایی هاتنی وەرزی هاوین دێت و ڕۆژی شەممە لە شاری یانگسان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کۆریای باشوور پلەی گەرمی 40 پلەی سیلیزی تێپەڕاند.